کاتێک هەریەکێکتان چوو بۆ سوجدە بردن؛ ئەوا با وەکو وشتر ئەژنۆکانی نەخاتە سەر زەوی، بەڵکو با دەستەکانی پێش ئەژنۆکانی لەسەر زەوی دابنێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک هەریەکێکتان چوو بۆ سوجدە بردن؛ ئەوا با وەکو وشتر ئەژنۆکانی نەخاتە سەر زەوی، بەڵکو با دەستەکانی پێش ئەژنۆکانی لەسەر زەوی دابنێت».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە شێوازی چوون بۆ سوجدە بردن ڕوونەدەکاتەوە، بە شێوەیەک دەبێت دەستەکانی لە پێش ئەژنۆکانی لەسەر زەوی دابنێت، ولە فەرموودەی تردا هاتووە کە ئەژنۆکانی لە پێش دەستەکانی دابنێت، بۆیە هەردوو شێوازەکە دروست وجائیزە، ونابێت هیچ کەسێک ئینکاری لە کەسێکی تر بکات ئەگەر هەرجۆرێکیانی ئەنجامدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10938